# ئێرانی سەردەمی رەئیسی و هەرێمی کوردستان؛ چی دەگۆڕێت؟

06-08-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : پرسیاری گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هاتنی رەئیسی لە تاران چ کاریگەرییەك لەسەر سیاسەتی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنێت؟

RRC|

زریان رۆژهەڵاتی|

**بەرایی**

پرسیاری گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هاتنی رەئیسی لە تاران چ کاریگەرییەك لەسەر سیاسەتی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنێت؟

ئەوە شتێکی شاراوە نییە کە بەهۆی پێکهاتەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسییە تایبەتەکەیەوە، گۆڕانی سەرۆککۆمار بە تەواوی واتای سیاسەتێکی تازەی نێوخۆیی و دەرەکی لە ئێران نادات.

لە پەیوەندییەکانی ئێران وعێراقدا، گەلێك مژاری گرنگی جیاجیا هەن کە ناشێ هەمووی لەم بابەتەدا ریز بکەین، بەڵام لەم ساتانەدا هەندێك هەن کە زیاتر گرنگن؛ بۆ هەرێمی کوردستان راگیرانی هێرشی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە جاروبار بە پاساوی هەبوونی ئەمریکا دەیکەنە سەر هەولێر و دەوروبەری، هەروەها سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکانی لەگەل بەغدا، گەلێك بایەخدارە. ئالێرەوە، هەندێك لە رایەدارانی هەرێم، کرانەوەیەکی زیاتر بەڕووی ئێران وەك دەرچەیەك بۆ ئەو پرسانە تەماشا دەکەن. بۆ ئێرانیش، هاوسەنگیی نێوخۆیی هێزلە عێراق بە گشتی و، چارەنووسی ململانێ نێوخۆییەکانی شیعە، مژارێکی گرنگە. ئەمە بۆ ئەوەی، لەوێوە دەرەفەتی پاراستنی نفوز و کاریگەری و دابینکردن بەرەژوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بە زیندوویی بهێڵێتەوە و رێك بۆ ئەوەش، پێویستی بە هەرێمی کوردستان هەیە.

**سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی رەئیسی لە عێراق**

محەمەد جەوادی زەریف لە پەراوێزی دوایین کۆبوونەوەی کابینەکەی رۆحانیدا باسی لەوە کردووە کە ئێران هیچ هاوپەیمانێکی نییە. هەرچەندە ئەم گوتەیەی لە دەقی ئاماژەکردن بە باسێکی تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هێناوەتە سەرزاری خۆی، کە باس لەوە دەکات لە پەیوەندیی نێودەوڵەتاندا کەس فریای کەس ناکەوێت، بەڵام لەوە بترازێ، راستییەك سەبارەت بەو عێراقە پیشاندەدات کە زەمانێك لەلایەن هەندێك لە بەرپرسانی تارانەوە بە پایەتەختێکی ئێران هەژمارکرابوو!

لە عێراق ئێستا ئیدی دەنگی دلێرتر لە جاران دژ بە نفوزی ئێران پەیدا دەبن و، تەنانەت هەندێك لە کۆنە هاوپەیمانە شعییەکانی تارانیش، لەڕێی گوتاری پاراستنی بەرژەوەندی عێراقەوە، کەمتر حەز بە رۆڵی ئێران دەکەن. ئەگەر عێراق لە ماوەیەکی درێژخایەندا، پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ ئەمریکا وئێران هەبێ و، دەرگایەك بەڕووی وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپیدا بکاتەوە، هەروەها سەقامگیرییەك دروست ببێت و ئابوورییەکەیشی گەشە بکات، کەی پێویستیی جارانی بە تاران دەمێنێت؟ ئا لێرەوەیە کە لەسەرئەو بنەمایەی، کە نابێ کارێك بکەیت کە هاوپەیمانەکەت لە کۆنترۆڵت دەربچێ، ئێستا ئێران خۆی بۆ سەردەمێکی نوێ لە عێراق ئامادە دەکات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە قوتبوونەوەی تالیبان لە ئەفغانستان ئەگەر لە ماوەی کورتخایەنیشدا نەبێت، ئەوا لە ماوەی درێژخایەندا زیانی بۆ تاران هەیە. چونکە وەك رکابەرێکی سوننە، دیوارێك لە سنوورە شەرقییەکانی ئێرانەوە دروستدەکات. جا لەبەر ئەوە، بایەخی عێراق بۆ سیاسەتە ناوچەییەکانی تاران زۆر زیاتر دەبێت.

سیاسەتی دەرەوە لە ئێران زیاتر لەوەی کە بە دەست حکومەت بێت، لەژێر کاریگەری رابەری ئێران و سوپای پاسداراندایە. لەدوای 2003وە، ئێران سێ باڵیۆزی لە عێراق هەبووە کە هەرسێکیان یان بەئاشکرا سەربە سوپا بوون یان لانیکەم قسەی وایان لەسەر بووە. لە ماوەی زیاتر لە یەك مانگی رابردوودا، لانیکەم هەواڵی سەردانی سێ بەرپرسی پلەبەرزی ئەمنی ئێران لە وەزیری هەواڵگرییەوە بگرە هەتا حسێن تائیب سەرۆکی هەواڵگریی سوپای پاسداران بۆ عێراق، رادەی ئەم پەرۆشییەی ئێران بۆ دەستگرتن بە عێراقەوە دەردەخات. لەم چوارچێوەیەشدایە کە دەبێ لە بایەخی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران بڕوانین.

**کۆتایی**

بەدەر لە مژارە گشتییەکانی سیاسەتی پەیوەندیدار بە پرسی کورد، ئابووری، جۆری پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا، تورکیا و ئێران، گرنگیی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران لە ئاستی عێراق، لە بەر دوو هۆکاری کورتمەودا و درێژمەودایە. بەشێوەیەکی درێژخایەن، هەرێمی کوردستان دەتوانێ فاکتەرێك بێت بۆ راگرتنی باڵانسی هێز لە نێوخۆی عێراق؛ ئەو عێراقەی کە هەمیشە پوتانسییەلی ئەوەی تێدایە کە

ببێتەوە بە رکابەرێکی ناوچەیی بۆ ئێران بەڵام، ئەمجارەیان بە جڵەوداریی شیعەیەکی- عەرەبی کە بە هۆی حەوزەی نەجەفەوە دەتوانێت ببێتە دووەمین جەمسەری سیاسیی شیعی لە دنیای ئیسلامیدا.

لە ئاستێکی نزیکتریشدا، خواستی کوردەکان بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە ململانێی شیعی لە عێراق تۆزێك زیاتر بووە. دانووستاندنی یەکێتی لەگەڵ فەتح و دانووستاندنی پارتی و سەدرییەکان لە نیشانەکانی ئەوەن. ئەگەری هاوپەیمانی پارتی و سەدرییەکان، لە پاش هەڵبژاردن(ئەگەر بکرێت)، دەتوانێت فاکتەرێکی یاریگۆڕ بێت لە هاوسەنگیی نێوخۆیی شیعەکان و شێوازی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، کە رەنگە ئێران یان پێی باش نەبێت، یان بەتەما بێت کۆنترۆڵی بکات. جا هەرچۆنێك بێت، هەرچی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق نزیك دەبینەوەو، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نێوخۆیی یەکێتی، بایەخی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت و، هەولێر بە گشتی بۆ ئێران زیاتر لە جاران دیار دەبێت. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کاتی پێشوازیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تاران، بەدەر لە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی سەرۆکی هەرێم، لەوانەیە یەکێك لە نیشانەکانی ئەمە بێت.

بۆ هەرێمی کوردستان، مژاری خێرا، راگرتنی هێرشی گرووپە چەکدارییەکانە بە پاساوی هەبوونی ئەمریکا. موشەك و درۆنی وێڵ لە ناوچەکە گرفتێکی ئەمنی گەورەی درووستکردووە. تەنیا بۆ ئێرەش نا، بەڵکوو ژەنراڵ کنێس مەکەنزی فەرماندەی سێنتکام پێشتر رایگەیاندووە کە لە شەڕی کۆریاوە تا ئێستا ئەوە یەکەمجارە کە بەبێ باڵادەستیی تەواوی ئاسمانی، ئۆپەراسیۆنەکانیان دەکەن.[1]بە گوتەی مکەنزی، سوپای ئەمریکا دۆرنی بچووك و بەردەست لەڕووی بازرگانییەوە، بە "مەترسیدارترین" و "پایەدارترین" هەڕەشە دەزانێت. ئەمە و ناڕوونی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە، پاڵی بە هەرێمیشەوە ناوە تا لە دەرگای ئێران بدات بۆ راگرتنی هێرشەکان.

راستییەکەی هەرێمی کوردستان ناچارە پەیوەندیی لەگەڵ ئێرانیش هەبێت بەڵام، خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە تەقەلای راگرتنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ دەرووبەر، یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا پێکەوە بەردەوام بن.

[1] https://www.rudaw.net/english/middleeast/iran/21042021-